# سایکۆلۆژیای پۆشاک

کەمال فاڕووق *

پۆشـاک پێویسـتییەکی فیزیایـی و دەروونـی و کۆمەڵایەتیـی مرۆڤـە، بـە پێـی تەمـەن و بیـر و بۆچوون و پێگەی چینایەتـی و نەتەوەیی و ئایین و ڕەگـەز و ناوچـەی جوگرافـی و مێژوویی ستایل و شـێوازی دەگۆڕێـت، هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە ئەرکەکانـی پۆشـاکیش دەگۆڕێـت، دەرونزانیـی پۆشاک، یان جلوبـەرگ ڕشتەیەکە لـە دەروونزانی و ئامانجی پەرەپێدانـی تێگەیشتنێکی قووڵـە لـە کاریگـەری ئاڵوگـۆڕی نێوان پیشەسازی پۆشـاک و ڕەفتـاری مرۆیـی، دەروونزانـی پێـی وایـە پۆشـاک پێسـتی دووەمـی مرۆڤـە و پێوەندییەکـی پتـەوی لەگـەڵ جەسـتەدا هەیـە و دەبێتـە بەشـێک لەناسـنامەی مـرۆڤ، ڤالیـری سـتیل توێـژەری دەروونـی بـواری پۆشـاک پێـی وایـە پۆشـاک بـە هـۆی پێوەنـدی بەجەسـتەوە، پاشـان پێوەنـدی بـە ناسـنامەی کەسـەکەوە سـەرنج ڕادەکێشـێت. جلوبـەرگ وێنەیەکـی تـری مـرۆڤ نیشـانی خەڵـک دەدات کـە تـۆ چیـت و چ نەتەوەیەکیـت!

بـە پێـی توێژینەوەکانـی مارتـن سـلیگمان کـە داهێنـەری دەروونزانـی ئەرێنییـە و جەخـت لەسـەر لایەنـە باشـەکانی ڕەفتـاری مـرۆڤ دەکات، نـەک لایەنـە نەخۆشـەکانی، بۆیـە پۆشـاک کەشـێکی دەروونـی خـۆش دەبەخشـێتە خاوەنەکـەی و ئـەو کەشـە ئەرێنییـە کاریگەری لە سـەر پێوەندییەکانی دەبێـت لەگـەڵ دەوروبـەردا و متمانەشـی بەخـۆی زیـاد دەکات، بـەو پێیـەش پۆشـاک کاریگـەری لەسـەر کەسـێتی دەبێـت لـە ڕووی میـزاج و ڕەفتـار و دۆخـی دەروونـی و توانایـی ئەنجامدانـی کارەکانـی، هـەر لـەم سـۆنگەیەوە شـێوە و جوانـی پۆشـاک کار لـە بـاری زەینـی مرۆڤـەکان دەکات، پۆشـاکی ئاڵـوواڵای ژنـان کاریگـەری لەسـەر لایەنی دەروونـی پیـاو دەبێت، بەتایبەتی پۆشـاکی ژنانەی کـوردی، کـە یەکێـک لـە سـیفاتەکانی جوانـی و ئاڵـوواڵای، بـە پێـی توێژینـەوەکان جلوبەرگـی بـە بەهـا و جـوان و پاکوخاوێـن کار لـە سـایکۆلۆژیای خاوەنەکـەی دەکات و زیاتـر دڵخـۆش و ئاسـوودەی

دەکات، ئـەو ڕۆژەی کـە تـۆ پۆشـاکی نوێـت پۆشـیوە پێـت خۆشـە زۆرتریـن کـەس بتبینێـت، بـە تایبەتـی ئەوانـەی خۆشـت دەوێن، یان کاریان لەگـەڵ دەکەیـت، بەتایبەتیـش ڕەگەزەکـەی تـر.

کاتێـک جلوبەرگـی وەرزشـی لەبـەر دەکەیـت هەسـت بـە گـوڕ و تیـن و چالاکـی دەکەیـت، کاتێکیش جلی ماڵـەوە لەبەر دەکەیت هەست بە تەمبەڵـی و سستی دەکەیت، کاتێک جلی کوردی لەبـەر دەکەیت هەست بە ئازایەتـی و ئـازادی زیاتر دەکەیت، بەپێچەوانـەی پۆشاکی فەرمـی گەردوونی چاکـەت و پانتـۆڵ، چونکـە لەبنەڕەتـدا پۆشـاکی نەتەوەیـی ڕەنگدانـەوەی جوگرافیـا و لایەنـی سـایکۆلۆژی تاکەکانـی ناوچـە جوگرافیاکەیـە، کـە توندوتۆڵـی و توانایی بەرنگاربوونـەوەی ژینگەیەکی بەزەبروزەنـگ پۆشـاکی خـۆی دەوێـت، ناکرێ بـە دیشداشـەوە بەسـەر شـاخدا هەڵکشـێیت و بەرەنـگاری سەرماوسـۆڵە و بەفـر بیتـەوە، بۆیـە هـەر نەتەوەیـەک و ناوچـە جوگرافیاکـەی جـۆری پۆشـاکەکەت دیـاری دەکات، بوونـی پۆشـاکی کـوردی لـە ڕانـک و چۆغـەو پشـتێن و جامانـە ناسـنامەی خەڵکێکـە لـە شـوێنێکی دیاریکـراوی شـاخاوی کـە کوردسـتانە.

## ئەرکەکانی پۆشاک:

### ئەرکی فیزیایی

لەوەتـەی مرۆڤایەتـی هەیـە ویسـتوویەتی پۆشـاکێکی چنـگ بکـەوێ بـۆ خـۆ داپۆشـینی لـە سـەرما و گەرمـا و بـۆ ئارامـی و خـۆ گونجاندنـی لەگـەڵ کەشـوهەواو دەوروبـەردا، هـەر لەگـەڵای دارودرەختـەوە تـا جلوبەرگـی ئاوریشـم و لۆکـە و نایلـۆن و خوری و شـتی تـر، بـە پێی پێشـکەوتنی ئەقـڵ و پیشەسـازی جلوبـەرگ پۆشـاکیش زیاتـر توندوتـۆڵ و توندتـر و جوانتـر بوونـە، سـەرەڕای ڕەسـەنایەتی کە بنەمـای ڕاستەقینەی ون نـاکات، وەک جلوبەرگـی کـوردی کـە هـەر وەک خۆیەتـی، مـرۆڤ سـەرەتا تەنیـا ویسـتوویەتی خـۆی داپۆشـێت، بـەڵام دواتـر ئەرکـی جلوبـەرگ زیاتـر بـووە و بـەدوای جوانـی و بەرگەگرتنـدا دەگـەڕا، کە ئێسـتا بەرجەسـتە بـووە و مـرۆڤ هەوڵـدەدات جوانتریـن جلوبـەرگ و بەهاترینیـان بپۆشـێت.

### ئەرکی نەتەوەیی

نەتـەوە بـە زمـان و پۆشـاکەوە ناسـراوە، پۆشـاکی نەتەوەیـی ناسـنامەی نەتەوەیـە، زۆربـەی پۆشـاکی گەلانـی دنیـا لەیەکتـرەوە نزیکـن، بـەڵام پۆشـاکی کوردی زۆر جیاوازە و هیچ پۆشاکیکی تر هاوشێوەی نییـە، پۆشـاکی فـارس و عـەرەب و پاکسـتانی و ئەفغانـی و هنـدی لەیەکتـرەوە نزیکـن، لەنێـو ئـەم هەمـوو گەلانـە پۆشـاکی کـوردی جیـاوازە (ڕانـک و چۆغـە و کولـەبـاڵ و پشـتێن و کڵاو و جامانـە، تەنانـەت کڵاش و بەنەخوێـن و کڵاوی پوولەکـەی ژنـان و کۆڵوانـە و شـتی تـر، کـە هیـچ گەلێکـی تـر نییەتـی)، پۆشـاک وەک ئەرکێکـی کۆمەڵایەتـی نەتەوەییـە، چـۆن پێویسـتە زمانەکـەت بزانـی و بیپارێزیـت، بـەو شـێوەیە پێویسـتە پۆشـاکەکەت بپۆشـیت و بیپارێزیـت و لەنـاو پـەروەردەدا جێـی بکرێتـەوە، بـۆ ئاشـناکردنی نـەوەکان و شـانازی پێوەکردنـی، زەقتریـن جیـاوازی کـە کـورد لـە نەتەوەکانـی تـر جیادەکاتـەوە، بێجگـە لـە زمانەکـەی پۆشـاکەکەیەتی، هـەر لـە جلوبەرگـی ژنانـەوە تـا جلوبەرگـی پیـاوان، پۆشـاک وەک شـوێنەوار وایـە، کـە چۆن بەڵگـەی شارسـتانیەتی گەلانـە، جلوبـەرگ بەڵگـەی بوونـی نەتەوەیەکـی جیـاوازە، عـەرەب و تـورک و فـارس و بسـتێک لێمانـەوە دوورن، هێشـتا نەیانتوانیوە کار بکەنـە سـەر شـێوازی جلوبەرگمـان، ئەمـەش نیشـانەی ڕەسـەنێتی و بوونـی نەتەوەیەکـی

جیاوازە لە ناوچەیەکی جوگرافی کە ئەم پۆشاکەی هێناوەتە ئاراوە، خۆشترین ڕۆژ بۆ ژنان ئەو ڕۆژەیە کە پۆشاکی کوردی دەپۆشن، بەتایبەتی لە نەورۆز و بۆنە نەتەوەیی و جەژنەکانی تریشدا، بەهەمان شێوەش بۆ پیاوان.

## ئەرکی کۆمەڵایەتی

ئەرکێکی تری پۆشاک لایەنە کۆمەڵایەتییەکەیەتی لە ناو کۆڕ و کۆمەڵ و بۆنە جیاوازەکاندا، تازیەباری پۆشاکی خۆی هەیە، بەتایبەتی بۆ ڕەگەزی مێ، کە خاوەن مردوو وا پەسەند بووە تا ماوەیەک پۆشاکی ڕەش، یان نیلی بپۆشن، هەروەها لە بۆنە خۆش و کۆمەڵایەتییەکانیش وەک شایی و بووک گواستنەوە و جەژنەکان و بۆنە ئایینییەکان و میوانداری و پێشوازیکردن، بایەخیکی زیاتر بە پۆشاک دراوە، بە تایبەتی لەکۆمەڵگەی کوردەواری، کە تا ئێستاش هەروایە خەڵک پەنا بۆ پۆشاکی جوانی نەتەوەیی دەبەن و شانازی پێوە دەکەن.

## ئەرکی ئایینی

هەموو ئایینەکان مەیلی داپۆشینی مرۆڤ دەکەن و نایانەوێ مرۆڤ جەستەی بە دەرەوە بێ، بە تایبەتی ڕەگەزی مێ، بۆیە پۆشاکی جیاواز بۆ هەردوو ڕەگەز لەم جۆرە دیزاین کراوە و بەکاریان هێناوە، پیاوانی ئایینیش پۆشاکی تایبەت بە خۆیان هەیە لە کەوا و سەڵتە و مێزەر و شتی دیکە، کە لەگەڵ پیشەکەیان و دابونەریتی کۆمەڵگەدا گونجاو بێ، پیاوانی ئایینی کورد هەندێک جار پۆشاکی نەتەوەییشیان پۆشیوە و هەیە بەردەوام هەر جلی کوردی دەپۆشێت و نەتەوەکانی تریش بەهەمان شێوە.

## ئەرکی سایکۆلۆژی

جلوبەرگ، یان پۆشاک لە خواردن گرنگترە، ڕەنگدانەوەی ناوەوەی مرۆڤە بەو پێیەی مرۆڤ هەست بەکەمی دەکات، یان پێی وایە پۆشاکەکەی ڕێز و حورمەتی زیاد دەکات، بۆیە پەنا بۆ پۆشاکی پۆشتە و جوان و گرانبەها دەبات و هەندێک جاریش پەنا بۆ ئەوە نابات و بیرکردنەوەی واقعیانەیە و بە پێی توانایی ئابووری خۆی جلوبەرگ دەکڕێت، جلوبەرگ کار لە کەسی بەرانبەر دەکات و هەر لە کوردەواریدا ئەو پەندە هەیە کە دەڵێت «کەوا نان بخۆ»، واتە ئەگەر کراس و کەواکەت تازە بێ، خەڵک زیاتر فەرمووت لێ دەکەن، تۆ سەرنج بدە ئەگەر دوو کەس بێنە بەردەرگات، یەکێکیان جلێکی شڕ و وڕ و کۆنی لەبەردا بێت و یەکێکشیان پۆشتەوپەرداخ و جلی گرانبەهای پۆشیبێ، بێگومان زیاتر پێشوازی لەوەی دووەم دەکەیت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە جۆری جلوبەرگ و جوانی و بەهاکەی کاریگەری لەسەر باری دەروونی بەرانبەر هەیە، هەروەها کاریگەری لەسەر خودی کەسەکەش دەبێت، کە زیاتر متمانەی بەخۆ دەبێت و دڵخۆش و کراوەتر دەبێت و زیاتر توانایی چوونە پێشەوەی هەیە و لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان نزیکتر دەبێتەوە، تەنانەت ئارەزووی وێنەگرتن و خۆ نیشاندان دەکات و مەیلێکی نەرگسیانەی لا پەیدا دەبێت و نرخێکی زیاتر بۆ خۆی دادەنێت، واتە ڕادەی خۆهەڵسەنگاندن (تقدير الذات)ی بۆ خۆی بەرزتر دەبێتەوە، بەو پێیەش جموجووڵی کۆمەڵایەتی و گوڕوتین و تێکەڵبوونی زیاتر دەبێت، ئەم جۆرە کەسانە خۆشیان لەگەڵ خەڵکی تر بەراورد دەکەن، لە ڕوانگەی پۆشاکەکانیانەوە و تێڕوانینیان

بەرانبـەر کەسـانی تـر دەگۆڕێـت، تێڕوانینـی خەڵکیش بەرانبەریـان جیـاوازە لـە کەسـێکی تـر کە پۆشـاکیان لە ئاسـتێکی تردایە، لـە ڕوانگـەی بیـردۆزی گەشـتالتەوە مـرۆڤ بـە شـێوەی گشـتی سـەیری شـێوەی گشـتی مـرۆڤ دەکات و یەکـەم جار چـاوی دەکەوێـتە سـەر جلوبەرگەکـەی و ئـەو تێڕوانینـەی یەکـەم جـار مۆرکێـک لـە مێشـک و نەسـتی ئـەو کەسـەدا دروست دەکات و ماوەیەکی زۆر بـەردەوام دەبێـت، بۆیـە مـرۆڤ کـە یەکەم جار دەچێتـە شـوێنێک باشـتروایە باشـترین جلوبەرگـی بپۆشـێت، یـان بەجوانتریـن شـێوە دەربکـەوێ، جلوبەرگـی ئاڵـوواڵا و ڕەنگاوڕەنـگ کاریگـەری لەسـەر سەرنجڕاکیشـانی پیـاوان هەیـە بـۆ ژنـان و سـەدان هۆنـراوەی لەبـارەوە هۆنراوەتـەوە.

## توێژەران و شارەزایانی بواری پۆشاک چییان گوتووە؟

ئەگـەر پۆشـاک لـە پێنـاو خـودی خۆیـدا ئامانـج بێـت، ئـەوە بەشـێک لـە کەسـێتی ئـەو تاکـە دەخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە، ئـەو تاکـە بـە بـێ گۆڕینـی ڕۆژانـەی پۆشـاکەکەی خـۆی بـە کـەم دەزانێـت، لـە جیاتـی ئـەوەی پـەرە بـە توانایـی و هـزری خـۆی بـدات، دەچێـت دەسـتێک پۆشـاکی گرانبەهـا دەکڕێـت و پێـی وایـە بـەو ڕواڵەتـە کار لـە دەوروبـەری خـۆی دەکات، ئەگـەر کاریگـەری کەسـێتی تـاک لـە سـەر کەسـانی تـر بـە جلوبەرگـەوە بـێ، کەواتـە مـرۆڤ پێویسـتی بـەوە نییـە کەسـێتی خـۆی، یـان ناخـی خـۆی پـەرە پـێ بـدات و گۆڕانـکاری بەسـەردا بێنێـت، ئەگـەر جلوبـەرگ و ڕواڵەتـی دەرەوەی مـرۆڤ بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو «کەمی»یـە بوایـە کـە تـاک هەسـتی پـێ دەکـرد، ئـەوە شارسـتانیەت هەرگیـز دروسـت نەدەبـوو، بۆیـە زانـای دەروونیـی ئەدلـەر جەختـی لەسـەر ئـەوە کردووەتـەوە، کـە هەسـتی خـۆ بـە کـەم زانیـن هۆکاریکـی گرنگـە بـۆ بنیادنانـی شارسـتانیەت، چونکـە مـرۆڤ هەمیشـە «نزعـە»ی بەرکەماڵبـوون «تکامـل»ی هەیـە بۆ تەواوکردنی کەسێتی و خۆ ڕزگارکـردن لـەو هەسـتە نەرێنییـە، کـە بـە هـۆی کۆمەڵایەتـی نەبوونـی نـاخ و نـاوەڕۆک دێتـە ئـاراوە.

تۆژەرێکی دەروونی لـە زانکـۆی مەلیک فەیسـەڵ دەڵـێ: لـە سـەرەتای ژیانـی منداڵیـی جلوبـەرگ ئەوەنـدە گرینگـی نییـە، هەرچەنـدە بـۆ شیرەخۆر سەرنجڕاکێشـە، بـەڵام لەگـەڵ گەورەبوونیـدا شـێوە و نیـگار و ڕەنگـەکان سـەرنجی ڕادەکێشـن و جلوبـەرگ و پێـڵاو و یارییەکانی بەشـێکی گرینـگ دەبێـت لێـی و بایەخـی پـێ دەدا و دەیانپارێـزێ، بۆیـە زۆر کـەس پێـی وایـە هەلێکـی باشـە بـۆ ئـەوەی لـە سـەر بەرپرسـیارێتی و پشـت بـە خۆبەسـتن ڕایبێنـی لـە کاتـی لەبەرکـردن و داکەندنیـدا، سـەرەڕای ئـەوەش بـە سـەرچاوەی شـانازی پێوەکردن دادەنرێ لای هـاوڕێ و میوان و کەسـوکاری کـە نیشـانی برادەرەکانـی دەدات و داوایـان لـێ دەکات دیقەتـی وێنـە و نیگارەکانـی بـدەن، هەروەهـا ئـەو توێـژەرە سـەبارەت بـە کاریگەریـی جلوبـەرگ و قۆناغـی منداڵـی دەڵێـت:

لـە یەکێـک لـەو توێژینەوانـە کـە لـە باخچـەی سـاوایان کـراوە دەرکەوتـووە کـە منداڵان لـە جلوبەرگـی مامۆسـتا ڕادەکـەن و بێـزی لـێ دەکەنـەوە، کـە بینویانـە قاوەیـی لەبـەر کـردووە و ئـارەزووی ئـەوە ناکـەن لـەو مامۆسـتایە نزیـک ببنـەوە، کـە ئەمیـش نائاسـوودەیی دەگەیەنـێ و نەگونجان لەگـەڵ ئەوانـەی ئـەو جـۆرە جلوبەرگـە لەبـەر دەکـەن، بـەڵام ئـەم جـۆرە ڕەنگانـە کـە کەسـێک بێـزار دەکـەن بـە لکاندنـی جـۆرە نەخشـێکی جوانـی ڕەنگاوڕەنـگ بـە کراسـەکەوە

چارەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی شێوەیەکی تر ببەخشێت و نەبێتە هۆی بێزاربوون.

توێژینەوەیەکی conner لە بارەی دەرخستنی کاریگەریی جلوبەرگ لەسەر پێکهێنانی تێڕوانینی یەکەم جار ئاشکرای کردووە کە جلوبەرگ کاریگەرییەکی زۆری لە پێکهێنانی تێڕوانینەکاندا هەیە، ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی نیشاندانی ڕادەی کاریگەریی جلوبەرگ لەسەر تاکەکان و ڕادەی کاریگەریی ئەوانیش لەسەر جلوبەرگ ئەنجام دراوە.

لە تاقیکردنەوەیەکدا بۆ پێوانەکردنی کاریگەری تاک- کاریگەری جلوبەرگ- کارلێککردنی تاک و جلوبەرگ، تێیدا ٢٤٠ کچە قوتابی لە زانکۆی ئەریزۆنا لە تەمەنی نێوان ١٨ - ٢٤ساڵ بەشدارییان کردووە.

ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیە دەریخستووە جیاوازی تاک کاریگەری بە هێزی لە سەر تێڕوانینی ماسوولکەیی (الانطباع العضلي) و کاریگەری زۆر کەمتر لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکی زۆر کەمیش لەسەر تێڕوانینی زەینی هەیە.

بەڵام دەرکەوت جیاوازی جلوبەرگ کاریگەری بەهێزی لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکی کەمتر لەسەر تێڕوانینی ماسوولکەیی و زەینی هەیە.

کارلێککردنی نێوان تاک و جلوبەرگ کاریگەری بەهێز لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵایەتی دەکات، هەروەسا کاریگەرییەکی کەمتر لەسەر تێڕوانینی ماسوولکەیی و زەینی هەیە.

cornner پێی وایە ئەم لێکۆڵینەوەیە کاریگەری جلوبەرگ لەسەر پێکهێنانی یەکەم تێڕوانین (الانطباع الاولي) ڕوون کردووەتەوە، ڕادەی پێوەندیش لە نێوان جلوبەرگ و پێکهێنانی تێڕوانینەکان بەجیاوازی ڕەهەندەکانی تێڕوانینی یەکەم جار جیاواز دەبێت.

Kliner چەندان توێژینەوەی ئەنجام داوە کە پاڵپشتی ئەو پەندە کۆنە دەکات کە دەڵێت: جلوبەرگ مرۆڤ دروست دەکات، توێژینەوەکە ئەوەی نیشان داوە کە پیادەکاران (ئەوانەی بەپێ دەڕۆن) لەوانەیە بکەونە بەر کاریگەری جلوبەرگەوە لە ملکەچبوونیان، یان سەرپێچی کردنیان بۆ هێماکانی هاتوچۆی پیادە، کاتێک پیاوێکی کامڵ پاڵتۆیەک و بۆینباغێک لەبەردەکات و بە شێوەیەک دەردەکەوێت کە کەسێکی بەرچاوە، ئەوە زۆربەی خەڵک لە سەرپێچیکردنی هێمای هاتوچۆ بەدوای دەکەون زیاتر لەوەی ئەگەر جلوبەرگێکی داڕزاوی لەبەربووایە.

مامۆستایانی دوو لە کۆلێژەکانی دەروونزانی تاقیکردنەوەیەکیان سەبارەت بەکاریگەری جلوبەرگ لەسەر قوتابییان ڕێکخست، لە جاری یەکەم بە جلوبەرگی پیاوێکی ئایینی کاسۆلیکی دەرکەوتن، پاشان بە بەدلە و بۆینباغ، دەرکەوت کە قوتابیان لە جاری یەکەم کە مامۆستایان بە جلوبەرگی کاهین بینی وا پیشانیان دا کە ئەو مامۆستایانە زیاتر خاوەن ڕەوشتن، ناوبانگیان باشە، ئاسایی نین، هەروەها پتر خاکەڕان لەوانەی کە بە بەدلە و بۆینباغ خۆیان پیشان دا.

Zunin وتوویەتی ئاسان نییە لەم ڕۆژگارەدا لە ڕێگەی جلوبەرگەوە پێشبینی خەڵک بکەین، چونکە زۆرجار بە هۆی جلوبەرگی فەرمی، یان جۆرێکی دیاریکراوی جلوبەرگ کارێکی دیاریکراو هەڵدەخەڵەتێین.

هەروەها لەوانەشە تێکەڵوپێکەڵییەک دروست ببێت، چونکە هەندێک دامەزراوە پێویستی بە کارمەندانێک هەیە جلوبەرگی کۆن لەبەر بکەن، هاوکات هەر ئەوانە لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا

وا به باشی دەزانن جلوبەرگی نوێترین مۆدێل لەبەر بکەن.

هەروەها zunin وتوویەتی هەندێک بەڵگەی ماقووڵ هەن کە خۆنەگونجاندن لەگەڵ جلوبەرگدا بۆ شێوازێکی لەپڕی ژیان دەگەڕێتەوە، مەبەستیش لەوە ئازادی تاکە.

نموونەی سیمای کەسێتی سەبارەت بە جلوبەرگ زۆرە لەوانەش هی وا هەیە بەبەردەوامی تازەترین مۆدێل لەبەر دەکات، کەسێکی دیکە دوای نەمانی مۆدێلەکە لەبەری دەکات، ئافرەت هەیە پرچی داهێناوە، هەندێکیان پرچی بەرەڵڵاکردووە، پیاو هەیە ڕیشی چەناگەی، یان سمێڵی هەیە، کچگەلێکیش هەن بەجلی وەرزشەوە دەردەکەون، پیاو بە جلوبەرگی تێنس.

سیمبۆلەکانی جلوبەرگ هەمیشە جێگیر نین، چونکە مۆدێلی باو پتر لە بەها کەسییەکان کار لە زەوق دەکات.

جاکوبسون ١٩٣٦ jacobson لە توێژینەوەیەکیدا سەبارەت بە گرنگترین ئەو بنەمایانە کە جوانی دەبەخشنە دیزاینی جلوبەرگ، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێکی ئامادەکرد و کردنی بەدوو بەشەوە: ٣٣ کەسیان لە هونەری دیزاینی جلوبەرگ پسپۆڕ بوون و ٦٦ یش پێوەندییان بەلایەنی پسپۆڕییەوە نەبوو، لە بارەی بابەتەکەوە پرسیاری ئاراستەکردن، ئەویش بە نمایشکردنی دیزاینگەلێک کە هێڵەکانی لە ڕووی بنەما و گۆڕاوەکانەوە لێی کۆڵراوەتەوە، توێژەر ڕوونکردنەوەی پێویستیشی سەبارەت بە هێڵەکان و شێوەکان و قوماش و ڕەنگەکان دا، زۆربەی وەڵامی بەشداربووان جەخت کردنیان بوو لەسەر ئەوەی زۆرترین بنەما کە جوانی دەداتە دیزاینی جلوبەرگ بریتییە لە هاوسەنگی، پاشان ئاواز (الایقاع)، ئەنجامی توێژینەوەکە دووپاتی کردەوە کە جیاوازی بەڵگەدار لە نێوان پسپۆڕان و ناپسپۆڕان لە دیزایندا هەیە، کە پسپۆڕان زیاتر گرنگی بە جوانی و دیزاینی جلوبەرگ دەدەن.

سیلفرمان ١٩٤٥ silverman توێژینەوەیەکی لەسەر دوو کۆمەڵە ئەنجام دا، هەر یەکێکیان لە (١٢٠) کچی یەکێک لە کۆلێژەکان پێکهاتبوون، پێوەرێکیان بۆ کەسێتی و یەکێکی دیکەشی بۆ زیرەکی بەکارهێنا، هەڵسەنگێنەرانی تاقیکردنەوەکە بۆ پێوانەکردنی دیمەنی کەسیی بۆ هەریەکێک لە کچەکان لە ڕێگەی جلوبەرگیانەوە مامۆستایانی هەمان کۆلێژ بوون، بەپێی ئەنجامەکان ئەو کۆمەڵەیەی کە دیمەنی کەسیی خراپ دەنوێنێت، کەسانی داخراون و لەخەڵک دەترسن، گرنگی بە جلوبەرگی خۆیان نادەن، دەترسن تێکەڵی ڕەگەزەکەی دیکە بن، زیرەکیشیان کەمە.

بەڵام کۆمەڵەی دووەم کە دیمەنی کەسیی باش دەنوێنن ورە بەرز بوون، بەوە جودا دەکرانەوە کە ئارەزووی تێکەڵبوونی خەڵک دەکەن، لەگەڵ ڕەگەزەکەی دیکە تێکەڵ دەبن، پلەی زیرەکییان بەرزە.

لەو توێژینەوانە کە لەسەر کاریگەری ڕواڵەتی کەسی و سەرکەوتنی کەسەکە لە ژیان کراوە، ڕوون بووەتەوە کە کەسی خاوەن دیمەنی باش لەگەڵ خەڵک بە ئاسانی تێکەڵ دەبێ، بەو پێیەش شارەزایی زیاتر پەیدا دەکات و هزر و بیری بەپیتی هەیە، لە ژیاندا کەسێکی بخواز دەبێ، ورەی بەرزە، ئەمیش لەگەڵ بایەخی جلوبەرگ بۆ تاک و کۆمەڵ گونجاوە.

## چێژوەرگرتن لە جلوبەرگ

مەبەست لە چێژوەرگرتن گەشەپێدانی هەستی جوانیی تاکە، کە بتوانێ وەڵامی هەموو جۆرە پێوەندییەک بداتەوە، ئەو کەسەی کە لە رووی تەنیا سوودەوە شت دەخوات لەوانەیە جوانی لەو شتانە نەبینێت، چونکە شتەکان لە ڕوانگەی ئەوەوە واتای واقیعی هەیە، بەڵام هەستی جوانی پاڵنەرێکی گرینگ و زیندووە لە هەڵبژاردنی پۆشاک و کاریگەری لەسەر کەسانی بەرانبەر، ڕەنگە ئەمە هۆکاری سەرەکی بێ لە دوودڵبوونی تاک بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگ و شێوەی پۆشاکەکەی.

## ئەو پێویستییانەی کە کار لە ڕەفتاری پۆشینی جلوبەرگ دەکەن

جلوبەرگ تێرکردنی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانە، کە کار لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاک دەکەن، پوختەی ئەم پێویستییانەش ئەمانەن:

## پێویستی بە ئینتیما

پێویستیی لاوان بە ئینتیما بە توندی دەردەکەوێ کە کۆمەڵە تایبەتییەکانیان بە جیهانی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن، جلوبەرگیش ئامرازێکە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێت گوزارشت لە هەستکردنی بە ئینتیمای بە کۆمەڵەکەی، هەروەها لە سۆزە کەسییەکانی لە ڕێگەی ڕەفتاری لەبەرکردنی جلوبەرگ بکات، تاک جلوبەرگی باو لەبەر دەکات، بۆ ئەوەی وەک ئەوانی دیکە دەربکەوێت، ئەگەرچی زەحمەتیش بێ بۆی، کەم جاریش بینیومانە مرۆڤ لەسەر بیرۆکەی کەسی و تایبەتی خۆی جلوبەرگی هەڵبژاردبێ.

تاکەکان بۆ گوزارشتکردن لەو پێویستییە، ئەو مۆدەیە هەڵدەبژێرن کە لەلایەن کۆمەڵەکەیانەوە ستایش دەکرێ، چونکە ئینتیما بۆ کۆمەڵ لە جلوبەرگدا دەبێتە مایەی ئەو بڕوا بەخۆبوونەی کە تاک لە میانەی ئینتیمای بۆ ئەو کۆمەڵەی هەمان جلوبەرگ لەبەر دەکەن بەدەستی دێنێ.

## پێویستی بە موڵکداریەتی

ئارەزووی موڵکداریەتی زۆرجار بۆ گەشەی دەروونی تاک پێویستە، ئەویش سەبارەت بە جلوبەرگ لە سوربوونی کەسێک لە کڕینی ژمارەیەکی زۆری جلوبەرگ دەردەکەوێ، هەرچەندە زۆریشی لەو جلوبەرگانە هەیە، وەک هەوڵێک بۆ سەرنجڕاکێشان و شادمانیی کەسانی دیکە و خۆ نمایشکردنیان.

هەندێک کەس زۆرجار بە دوای جلوبەرگی گرانبەهادا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی جیاواز بن، سوربوونی بەردەوامیش لە کڕینی هەر جۆرە جلوبەرگێک بە پاڵنەری موڵکایەتی، مەرج نییە ئەوەی هەیانە بەکاری بێنن.

## پێویستی بە پایەوپلە

پێویستیی مرۆڤ بۆ پایە و شکۆ بە بەرپرسیاری یەکەم لە بزاڤی جیاوازی کۆمەڵایەتی کۆمەڵ دادەنرێت، زۆرجار خەڵک پۆشاک بۆ خۆجوداکردنەوە لە یەکدی بەکاردێنن، هەروەها وەک ئاماژەیەک بۆ ناساندنی چینی کۆمەڵایەتییان، پاراستنی جیاوازی چینایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست بەزەبری یاسا بوو، بۆ نموونە چینی خانەدانەکان (النبلاء) نەیاندەهێشت عەوامی خەڵک لاسایی جلوبەرگەکانیان بکەنەوە، ئەمە سەرەڕای جلوبەرگی هیبز، بە دیزاینە جۆراوجۆرەکانی و دیمەنە نامۆکانییەوە، کە سیمبۆلێکە بۆ لاوان لە سەردەمی ئێستاماندا، هەروەها بە نیشانەی جیاوازیی کەسێتییان ئەژمار دەکرێت.

## پێویستیی ئارەزووی بەدواداچوون
## (حب الاستطلاع)

پێویستیی ئارەزووی گەڕان (بەدواداچوون) وەک هەر پێویستییەکی دیکەی کۆمەڵایەتی لەبەر جیاوازی هێزەکەی لەلای تاکەکانەوە بە جیاوازی ژینگەی مرۆڤ جیاوازە، ئەویش لە جلوبەرگدا دەردەکەوێت، بە هۆی دیاردەی مۆدە و بڵاوبوونەوەی، گەنجان لەسەر دووپاتکردنەوەی جیاوازییان و نیشاندانی ناسانەمەیان لە ڕێگەی سیمبۆلگەلێکی تایبەتەوە سوورن، لەوانەش مۆدەی جلوبەرگ، کە بەدوای مۆدەی نامۆی نوێ دەکەون و ئارەزووی نزیکبوونەوەی و زانینی ئایدیۆلۆژیا و داهاتەکانی دەکەن.

لاوان دەیانەوێ زۆر لە لایەنەکانی ژیان، زیاتر لەوەی باوباپیرانیان کردوویانە، پەیڕەو بکەن، جلوبەرگیش ئەو ئامرازەیە بۆ بەدیهێنانی ئارەزووی گەڕان بە دوای ئەزموونی نوێ و تاقیکردنەوەی دۆزینەوەی مۆدەی تایبەت، کە دیزاینەران بە ناوی گەنجانەوە بۆ ئەوانی دیکە بەرهەمی دێنن.

بڵاوبوونەوەی مۆدە بە هۆی پاڵنەری لاوانەوە سەرچاوە دەگرێ لە ئارەزووی گەڕانیان بۆ ئایدیۆلۆژیای ڕۆژاوایی، هەروەها هەوڵی لاساییکردنەوەی هەموو تازەیەکیش دەدەن، سەرەڕای ئەوەی زۆرجار دیزانەکانی دیکە بۆ جەستە و دابونەریتەکانیان گونجاون — ئەوان بە پاڵنەری ئارەزووی بە دواداچوون و دۆزینەوەی شتی نوێ و هەوڵی لاساییکردنەوەدا دەگەڕێن.

لەبەر ئەوەی داهێنان لە هەر جۆرێک بێ، لەوانەش جلوبەرگ، کە تایبەتە بە شێوەی نمایشکردنەوە دەبێتە مایەی ڕەخساندنی دەرفەتی وروژاندن و ئارەزووی گەڕان، کەواتە جلوبەرگی داهێنراویش پێگەی خۆی لە نێوان ئارەزوومەندانی گەڕان و بەدواداچووندا دەدۆزێتەوە.

## ڕەنگی پۆشاک

بە پێی لێکۆڵینەوەکان ڕەنگی جلوبەرگ واتای دەروونی خۆی هەیە بەم شێوەیە:

د. سەلاح محەمەد دەربارەی ڕەنگی جلوبەرگ دەڵێ جلی ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵوواڵا کاریگەری هەیە لەچارەسەرکردنی خەمۆکی و چاوی مرۆیی ٢٥٠ پلە لە ڕەنگەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە و پێی وایە مرۆڤ جلی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر بکات وەک چارەسەرێکی دەروونی، چونکە سەیرکردنی ڕەنگە ئاڵوواڵاکان دەبێتە هۆی دەردانی هۆرمۆنگەلی بەختەوەری و هەستی گرژی و خەمۆکی ناهێڵێ، لەوانەیە هەر لەبەر ئەم هۆکارە بێ جلی کوردی ژنانە زۆر سەرنجڕاکێشە و پیاو شەیدا دەکات.

ڕەنگی زەردی بریقەدار هەستکردنە بە ئاسوودەیی، ڕەنگی سووریش زیاد لە ڕەنگەکانی تر سەرنجڕاکێشە و کار لە وروژاندن و هاندان دەکات، ڕەنگی شین ئارام و تەواو و بنەوشەیەیی ویقارە، سەوزیش مایەی هەستی سۆز و ئارامی و پشوودانە، سپیش زیاد لە ڕەنگەکانی تر کاریگەر و ئەرێنی و نوورانی و بەرائەت دەگەیەنێ، لەبەر ئەوە کەسێتی منداڵ دەکەوێتە ژێر کاریگەری شێوە و ڕەنگی جلوبەرگەوە.

هەر سەبارەت بە ڕەنگەکان دەروناسی کۆن گوتوویەتی ڕەنگ زمانێکی خۆرسکە کار لە مرۆڤ دەکات، ئەمە دەروونناسی نوێش لەبواری خۆرسکێتی کاریگەری ڕەنگەکان دووپاتی کردووەتەوە، کاتێک ڕووناکی ڕەنگ بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە دەگاتە چاو، لەوێوە بەهایبۆسلامۆسدا تێدەپەڕێت، کە بەشێکی مێشکە و دەستی بەسەر ڕژێنەکان و هۆرمۆنەکاندا گرتووە، لەبەر ئەوە وەڵامگۆکان بەو شێوەیە ڕەنگڕێژ دەبن کە لەگەڵ واتای ئەو

ڕەنگە لە غەریزەی مرۆڤدا بگونجێن وەک سوور کە بۆ هاندان و وروژاندن بەکاردێ، سەوزیش بۆ گەشبینی و پشوودان، زۆر لە خاسیەتەکانی کەسێتیش بە کۆمەڵی ڕەنگە گەرم و هەستیارەکان بەستراوە وەک سووری مەرجانی و خۆخی و سەوزی زومرودی و شین و ئاسمانی زیوی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە کەسێتییەکی گەشبین و ڕووخۆش و خۆشحاڵە پاکیزە و کۆمەڵایەتی و خەڵکی خۆش دەوێ، لێرەدا بەکورتی کاریگەریی ڕەنگەکان دەردەخەین:

**سوور:** ڕەنگی سوور هەست بە چالاکی و کرانەوە دەکرێ، وا لەدەوروبەر دەکات لابکەنەوە و سەرنجیان ڕابکێشێ، بۆیە ئەگەر ڕەنگی سوور بپۆشی ئارەزووی ئەوە دەکەی خەڵک بتبینێ کە خاوەن گوڕوتین و هەڵچوون و هێزیت، لەوانەش ڕەنگی بۆینباخ و پۆشاکی ژنان و منداڵان.

**پرتەقاڵی:** ڕەنگێکی زیندوو و هاندەرە، بەڵام بە ڕادەی سوور نا، ئەگەر حەزت لە پۆشینی ئەم ڕەنگە کرد مانای ئەوەیە تۆ مەیلی بوێری و سەرکێشی دەکەی و گوڕوتین و غیرەت پیشان دەدەی لە هەر شتێ بیکەی.

**زەرد:** پۆشینی ڕەنگی زەرد ڕووناکی بەخشە، ڕەنگێکە بەستراوە بە ڕۆژەوە، کاریگەری ئەرێنی و گەشبینی بەو کەسانە دەبەخشێ، کە لەبەری دەکەن.

**سەوز:** یارمەتیدەری هێنانە کایەی ئارامی و بێدەنگی و هاوئاهەنگی لەگەڵ دەوروبەر، ئەوانەی حەزیان لەم ڕەنگەیە سروشت و هەستکردن بەئارامییان خۆش دەوێ.

**پیرۆزەیی:** ئەم ڕەنگە کە لەبەر دەکەی دەوروبەرت گرنگیت پێ دەدەن، کەسێتی ئەو کەسە دەردەخات کە دەم بە پێکەنینە و مامەڵەکردن لە گەڵیدا ئاسانە، ئەگەر تۆ لە ئارەزوومەندانی ئەم ڕەنگەی، ئەوە گەنجێتی و درەوشانەوەی خۆت پیشان دەدەی.

**شین:** ئەم ڕەنگە لایەنی ڕوحیانی و پابەندبوونی نیزامی تێدایە، ئەوەی لەبەری دەکات گوزارشت لە ئارەزوومەندییان دەکەن بۆ ژیان و ئاشتی و دڵنیایی، تەنانەت تەنیاییش، ئەوەی لەبەری دەکات بەلایەنی کەمەوە وەفاداری و ڕاستگۆیی دەنوێنێت.

**بنەوشەیی:** لەبەرکردنی بنەوشەیی هەستی متمانە بەخۆکردن و کەرامەت و ڕێز لەخۆنان دەگرێتەوە.

**ئەرخەوانی:** لەبەرکردنی هەستی نەرمونییانی و شان و شەوکەت و لوتف دەبەخشێ.

ئەگەر ئارەزووی لەبەرکردنی ئەم ڕەنگەت کرد، ئەویش بە هۆی ئارەزووتە بۆ گوزارشتکردن لە هەست ناسکیت.

**ڕەش:** ئەم ڕەنگە بە زۆری بزنسمانان لەبەری دەکەن بۆ ئەوەی گوزارشت لە هێز و دەسەڵاتیان بکات.

**سپی:** لە جلوبەرگدا نیشانەی پاکوخاوێنی دەگەیەنێ، ئەوەی لەبەری دەکات لە گەرمای ڕۆژ دەپارێزرێ.

**قاوەیی:** نیشانەی پابەندبوونە بە کار و خێزان و هاوڕێیان، ئەوانەی ئارەزووی دەکەن توانایی شۆڕبوونەوەیان بەناخدا هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکان بەوپەڕی سادەییەوە.

شکسپیر لەبارەی جلوبەرگەوە دەڵێ: جلوبەرگ مرۆڤ دروست دەکات، ئەڵبەتە کاریگەریی جلوبەرگ لای شکسپیر بە ڕادەیەکە جیاوازی دەبێتە هۆی جیاوازی مرۆڤەکان، بەڵام بیروڕای زانایان هەر چۆنێک بێت عەقڵ و مەنتیق هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نییە ئەو کەسەی جلوبەرگی

کەشخەو گرانبەهای لەبەرە، گوزارشت لە نایابی ناخی خاوەنەکەی بکات، بە پێچەوانەشەوە، مەرج نییە ئەوەی جلوبەرگی هەرزانبەهاو جۆری خراپ بپۆشێ، ئیدی خاوەنەکەی کەسێک بێ وەک ئەو جلوبەرگەی دەیپۆشێ.

## مرۆڤ چۆن پۆشاکی خۆی هەڵدەبژێرێت؟

مرۆڤ هەڕەمەکیانە جلوبەرگ هەڵنابژێرێت، بەڵکوو پاڵنەرێکی هەیە بۆ هەڵبژاردنەکەی، لەوانەش پاڵنەری کۆمەڵایەتی و پیشەیی و ئایینی و نەتەوەیی، بەڵام پاڵنەری نەتەوەیی لایەنی سەرەکییە و مایەی شانازییە، بەڵام لەگەڵ هەریەکە لەو پاڵنەرانە پاڵنەری جوانی لەخۆی دەگرێت.

## پاڵنەری نەتەوەیی

پاڵنەرێکی زیندووە لای گەلانی دنیا و شانازی پێوە دەکەن، نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە زۆر زۆر شانازی بە پۆشاکی خۆیەوە دەکات، کە تەواو لە پۆشاکی دنیا جیاوازە و لە ژیانی ڕۆژانە و بۆنەکاندا بایەخێکی زۆری پێ دەدات، هەر هەموو ناوچەکانی کوردستان یەک بنەمایان بۆ پۆشاک هەیە، بەڵام هەر ناوچەیەکیش جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ ناوچەکانی تردا هەیە، هەورامان سەرباری ئەوەی جلوبەرگی کوردییە، بەڵام چەند شتێکی زیاتریان هەیە لەوانەش کوڵەباڵ و کڵاشی گیوە و فەقییانە، کە دەستکردی خۆماڵییە، ناوچەی گەرمیان بە هۆی گەرماوە زیاتر شەرواڵ و کراسێک لەبەر دەکەن و دەڤەری بادینان شێوازی ترە و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و باکووری نیشتمانیش دەستوور و ستایلی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام هەموویان یەک بنەمای هاوبەشیان هەیە کە لەگەڵ سروشتی جوگرافیا و ئاووهەوای نیشتماندا گونجاوە، هەروەها بۆ پۆشاکی ژنانیش کە لە پۆشاکی پیاوان جوانتر و سەرنجڕاکێشترە، ئەمە زۆر جار بووەتە هاندەر و ورووژاندنی ڕەگەزی نێر و بە شیعر بەسەریدا هەڵداوە.

* پسپۆڕی دەروونزانی.


سەرچاوەکان:

١ - لە پەراوێزی کەسێتیدا، خوێندنەوەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆجی ڕەفتار، کمال فاروق، خانەی موکریان، ٢٠١٣.

٢ - دراسات فی سیکولوجیة الملابس، د. علیة عابدین، دار المسیرة؛ عمان، الاردن، ٢٠١٠.

٣ - فلسفة الملابس، توماس کارلیل، ترجمە: طە السباعي، مکتبة الاسرة، مصر، ٢٠٠١.

٤ - رحلة في عالم الموضة، لیزا سبرینجستیل، ترجمة: صلاح الدخاخني، مکتبة هنداوي، ٢٠١٧.